عەبدوڵڵای مام عەلی:

بەشێك لەلێپرسراوەكان وەك ئاغاكانی كۆن پێشمەرگەیان لاخزمەتكارە



دیداری/ محەمەدسیاسی ئەشکەنەیی

پێشمەرگەی دانەبراو (عەبدوڵڵا مام عەلی) لەساڵی 1953 لەقەڵادزێ لەدایکبووە و دەرچوی شەشەمی زانستی یەولەساڵی 1969 پەیوەندی کردووە بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان ولەساڵی 1971 بوەبە پێشمەرگە، ساڵی 1975 ئاوارەی ئێران بووە، ساڵی 1977 پەیوەندی کردووە بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لەساڵی 1982 بوەبە فەرماندەی تیپ لەسنورەکانی (خۆشناوەتی، پیتوێن، مەرگەو پشدەر) لەساڵی 1986 بوەبە بەرپرسی پەیوەندیەکانی ئێران لەسەردەشت و پیران شار، لەساڵی 1991لێپرسراوی میحوەرەکانی پشدەر و باڵەك و فەرماندەی هێزی 9 ی پشدەر بوە، ساڵی 1993 لەیەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك یەکەم قایمقامی رانیە دەستبەکار بووە، بۆیە بەسەرماندکردەوەو پرسیمان:

*** ڕۆژنامەی دێرین-ی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان کە چوار ژمارەی لێ دەرچووە، تێبینیت لەسەری چی یە؟**

– سوپاستان دەکەم، خوێندومەتەوە، ناکرێ شتێك لەسەر پێشمەرگەی دێرین بنوسرێت نەیخوێنمەوە، دێرین ڕۆژنامەیەکی خنجیلانەیەو هیوادارم زیاتر بچێتە پێش و دەوڵەمەندتر بکرێت.

*** بەبۆچونیتۆ پێشمەرگەی دێرین کێ یە وچۆن پێناسەی دەکەیت؟**

– هەموو شتێك لەم جیهانە پان وبەرینە، ناوێك وپێناسەیەکی هەیە، هیچ شتێکیش بەناوی ئەوی تردە ناناسرێتەوە، بۆ پرسیارەکەتان ئەبێ بڵێین پێشمەرگە کێیە؟

پێشمەرگە شۆڕشگێڕێکی سیاسی چەکدارە لەپێناو بیروباوەڕێکی ڕەواندا ئامادەی گیان فیدا کردنە،پێشمەرگەی دێرین واتا ئەوچەکدارە شۆڕشگێڕە یە کەبەرلەڕاپەڕینی جەماوەری ئازاری1991 لەڕیزی یەکێك لەهێزە شۆڕشگێڕەکانی ئۆپۆزسیۆن لەدەرەوەی دەسەلاتی ڕژێمی بەعسی هەڵوەشاوەدا بوبێت، مەرجیش نیە ئەو کەسە خوێندەوار، قارەمان بێت، سەرکردەو فەرماندە بوبێت، چونکە ئەمانە سیفەتێکن بۆ جیاکردنەوەی کەسەکە بۆنمونە.. ئەگەر پیاوێکی ئازا بوبێت دەڵێن: پێشمەرگەیەکی دێرینی ئازابووە، جگە لەوانە هیچ کەس پێشمەرگەی دێرین نییە، مەرج نیە هەرکەس دکتۆر بێت، زۆر شارەزا بێت ئەندازیار بێت کارەکەی زۆر باشبێت، پارێزەر، دادوەر یان مەلابێت لەهەموو یاسا وشەرعەکان شارەزابێت، بۆ پێشمەرگەی دێرینیش هەمان پێوەر پێویستە، من پرسیارێکم هەیە ئایا سەندیکای پزیشکان،ئەندازیاران،یەکێتی مامۆستایان، ئامادەن بڕوانامە بدەنە سەرکردەیەکی بلیمەتی وەك جەنابی (مام جەلال)بەهەموو تواناو دلسۆزی و ماندوبونیەوە پێی بڵێن تۆ دکتۆری یان ئەندازیاری یان مامۆستا،کەواتە نابێت بڕوانامەی پێشمەرگەی دێرینیش بدرێتە کەسێکی تر، جگە لەوەی کە پێشمەرگەی دێرینە.

*** هەڵوێست لەسەر ئەو دڵسۆزانەی پێشمەرگایەتیان نەکردووە و لەناو شارەکاندا ماونەتەوە، چیبە ؟**

– زۆرن ئەوانەی لەناو شاردا بوون ولەپێشمەرگە کەمتریان نەکردووە بۆنمونە..ڕێکخستنەکانی ناوشار و زیندانیانی سیاسی کەتەمەنی گەنجێتی خۆیان بەخشیوە، چۆکیان بەدوژمن دادا، ئەشکەنجەو لەسێدارە دران، بەڵام نەئەوان دەبنە پێشمەرگەی دێرینیش ونە پێشمەرگەی دێرینیش دەبێتە ڕێکخستنی نهێنی ناوشار دڵسۆزیش هەر پێشمەرگەو ڕێکخستن نیە، هەموو ئەوانەی لەناو شار بوون، یان لەدەرەوە کە خیانەتیان نەکردووە دڵسۆزن، ڕێزم بۆ یەکەیەکەی جەماوەری گەلەکەم هەیە لەبەهاری 1991 دا سەلمێنرا کەبەشی هەرەزۆریان (ئەگەر بەشێوەی ڕەهاش نەبێت) هەموویان دڵسۆزبوون.

*** ئایا ئەو قودسیەتەی پێشمەرگە هەیبوو، توانراوە بپارێزرێت، ئەگەر نا، هۆیەکەی چیە ؟**

– قودسیەتەکە زۆر کەم بۆتەوە، زۆر جار هەوڵ دراوە سوك تریش بکرێ، ئەوە من و تۆ نین قسەمان لەسەری هەبێت، بەڵکو بارودۆخێکی تایبەت و نەخوازراوە، بۆیە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، هۆیەکەش ئاشکرایە کە بەشێك لەلێپرسراوەکان وەك ئاغاکانی کۆن پێشمەرگەیان لەلا وەك خزمەتکار وایە،واەدەزانن پێشمەرگە تەنها بۆ پاسەوانی بەردەرگاکان دروست بووە، هۆیەکی تریش هەیە دەڵێن: نوێ هاتنی کۆن خەڵاتن، ئێستاخەڵك بۆ بژێوی ژیان ناچارە ببێتە پێشمەرگەو پۆلیس، کێ زمانی لوس بێ، یان واستەی بەهێزبێت ئەوقبول دەکرێت، بەرپرسەکان کەسێکیان دەوێت بەرزی بکەنەوە کەبەشۆڕشەوە ماندوونەبوبێت و نەتوانێت لەبەرامبەریاندا قسەیەك بکات.

*** لەپێشمەرگایەتی چەك و تەقەمەنی و خۆراکتان چۆن پەیدا دەکرد؟**

– ئەمە دوو بەشە، چەك و تەقەمەنی پێشمەرگەهەموو ئەو دەسکەوتانە بوون کە لەدووژمن دەگیران، کەم هەبووە تەقەمەنی بکرین. بەشی دووەمی پرسیارەکە خۆراکە، ئەو بارەگایانەی لەسەرکردایەتی یان لەدەوروبەری مەلبەندەکان جێگیر بوون، لەڕێگای خەڵکەوە بە پارە دابێن دەکرا بەڵام بەشی هەرە زۆری پێشمەرگە کە لەدەشتی هەولێر , گەرمیان , دەشتی کۆیە , شارەزور , قەرەداغ ,خۆشناوەتی و شارباژێر جەوڵەمان دەکرد هەمیشە مالی خەڵکی گوندەکان مال و حاڵی خۆمان بوون، ئەوان بەخێویان کردوین و حورمەتیان گرتووین و دالدەیان داوین و بەشداری خەم و ئازاریان دەکردین، لەکاتی هێرشی دوژمن زۆرجار هەبووە مالەکانی ئەوانمان کردۆتە سەنگەر، کەم جاریش هەبووە نارازی بووبن، زۆر جاریش لەڕێگای ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە معلەبات و پێلاو و پێداویستیەکانی ڕۆژانەمان پێگەیشتووە، بەتایبەتی لەو داستان و نەبەردانەی چەند ڕۆژێك دریژەی کێشاوە.

*** لەڕۆژانی سەختی شاخ دا چۆن یادی بۆنە و ئاهەنگەکانتان دەکردەوە ؟**

– پێشمەرگە لەئاهەنگ و بۆنەی جێژنەکانی قوربان و 3 ی (ی.ن.ك) بووم، بەڕودانی شەڕەکانی ئەودیولەهێزی پشتێوان مانگی 10 ساڵی 1982 جارێکی تر ناچار بووم بیان نێرمەوە لای باوکم، خۆشم دوای هاتنەوەم لەهێزی پشتیوان وەکو فەرماندەی تیپی 83 هەورێ ڕەوانەی خۆشناوەتیکرام، لەبەرەکانی شەڕی هێزی پشتیوان بووم، هەواڵی لەدایك بوونی کوڕی یەکەمم بۆ هات لەڕێگای بێسیمەوە کە جەنابێ (مام جەلال) پێش من زانیبووی هەر لەلای خۆی ناوی نابوو (پشتیوان) هەواڵەکەشی بۆ من نارد، پشتیوان تەمەنی لەنۆمانگ تێ پەڕی بوو یەکەم جار چاوم پێ کەوت، کەهەندێ لەخزمان ومنداڵەکانی خۆشم هاتبونە سەردانی کاك حەسەنی مام ئاڵا کە ئێستا کارگێڕی مەلبەندی (8) ی ڕاپەڕینە کەلەنزیك شاری موصل لەشەڕێکدا بریندارببوو، ئەویش چاوپێکەوتنەکەیانم بۆماوەی دوو سەعات بوو، بەکورتی ژیانی منداڵی پێشمەرگەی وەکو ژیانی بێچوە پشیلەوابوو، پێشمەرگە جگە لەوەی هەمیشە بێ نازی باوکی گەورەبووە، زۆرجاریش بێ ئامادەبوونی باوکی لەباوەشی پڕ فرمێسکی دایکیدا مردووە!

*** ژیان وگوزەرانی ئێستات چۆنە؟**

– لەسایەی خوا زۆر باشم، لەهەندێك لەهەڤاڵانی خۆم باشترم، باکیشم نیە زۆریان لەمن باشترن، من لەپێشمەرگایەتی فێری ژیانێکی سادەو دوور لەفەنتازیا بومە، ژیانمان لەسەر مۆدێل نیە وخێزانەکەشم عەوداڵی ئەڤەلۆن نیە.

*** چ جۆرە پاداشتێکتان لەحکومەت وەرگرتووە؟**

– ساڵی 1997 پارچەزەویەکم وەرگرتووە ماوەی دووساڵ هێنام وبردم پارەیەکی ئەوتۆی نەکرد، دواترفرۆشتم، لەگەڵ ئەوپارەیەدا جەنابی(مام جەلال)یش هاوکاری کردم خانویەکم دروست کرد، ئێستا وەك کوردەواری دەڵێت: وەك شادەژیم.

*** خێزانەکەت هیچ پاداشتێکی وەرگرتووە،وەك دەزانرێت هەموو تەمەنی لەشاخ و مەینەتیدا گوزەراندووە ؟**

– نەخێر، تەنانەت لیژنەی خانەنشین لەمەلبەندی ی ڕاپەڕین خانەنشینیشیان پێ ڕەوا نەبینی بوو، تاساڵی ڕابردوو بە شاهیدیوەستا ڕەسول وکاك محەمەد قامیشی لەڕێگایەکی تڕەوە بە شەست هەزار دینارەکە خانەنشینیان کرد، چونکە خۆم هیچ کاتێ باسم نەکردبوو،بەڵای منەوە گرنگ نیە شۆڕش چی بۆکردوین با بیربکەینەوە ئێمە چیمان بۆشۆڕش کردووەلەکاتێکدا پێش ڕاپەڕین من بەرپرسی ئەم ناوچەیە بووم ودوای ڕاپەڕین هەر من بەرپرسی پێشمەرگایەتی ودواتر ئیدارەو حکومەت بومە(ئەم ڕوون کردنەوەیەم تەنها بۆزانین بێت نەك بۆ خۆدەرخستن)،لەکاتێکدا ژمارەی پێشمەرگەی خێزانداری پێش ڕاپەڕین لەناوچەکە لە(200)کەس تێ نەدەپەڕی،بەڵام زیاتر لە(800) ژن خانەنشین کرابوو تا ئەوکاتە.

*** داواکاریت چی یە لەحکومەت وخەڵکی کوردستان وکۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان؟**

– داواکاریم لەحکومەت ئەوەیە چی لەتوانایدا هەیە بۆ هەموو چین وتوێژەکانی گەل ئەنجام بدات، یاسا بکاتە سەروەر، شەهیدان پیرۆزن با لەگەڵ خەڵکی تر تێکەڵیان نەکات لەهاوکاریکردن دا، سەرپەرشتی خانەوادەی بێ سەرپەرشتان بکات تەنانەت مناڵی ئەوکەسانەش کە باوکیان لەڕێگای هەڵەوخیانەت تێدا چوونە با بەئاگڕی باوکیانەوە نەسوتێن، هەوڵی بوژانەوەی ئابووری کوردستان بدات. پاراستنی سامانی وڵات، وەلانانی واستەو ئاوەڵاکردنەوەی دەرگای وەزارەت وبەرپرسەکان بە پێی یاساو ڕێسایەك لەبەرامبەر هاووڵاتیاندا، کەسی شیاو لەشوێنی شیاو دابنێ وکاری ماستاوچێتی نەهێڵن.

پەیامی بۆخەڵکی کوردستان ئەوەیە وڵاتی خۆیان خۆش بوێ هەرچاوەڕوانی دەزگاکانی حکومەت نەکەن هەموو شتیان بۆبکات، خۆشیان هاوکار وپشتیوانی دەسەڵات بن لەپاك وخاوێنی وڵات وئاوەدان کردنەوە، ڕێز لەکەسوکاری شەهیدان وخەباتگێڕانی شاخ وشار بگرن.

داوام لەکۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان ئەوەیە، بەخاتری ئەم وئەو کەس نەکەنە پێشمەرگەی دێرین، هەموو چینەکان سەندیکای تایبەتی خۆیان هەیە، ئەوانیش سەندیکای خۆیان بپارێزن، بروانامەی پێشمەرگە بەخوێن و ماندووبوون بەدەست هاتووە بە ئاسانی مەیدەنە کەسی نەشیاو، چونکە کەم کەس ئامادەبووە خوێنی خۆی ببەخشێ، ببنە نمونەی ڕەوشت بەرزی وڕاستگۆیی ودەست ودەم وداوێن پاکی ئینجا لەکەسیش قبول نەکەن لەحورمەت وسەنگی پێشمەرگە کەم بکاتەوە.

هەروەها لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دوو ژوور بەناوی ژووەرکانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان و مەلبەندی پێشمەرگە دێرینەکان هەیە، بەڕاستی بوونەتە شوێنی موهاتەرات و قسەی ناشرین، داوایان لێ بکەن قودسیەتی ئەو ناوە بپارێزن، خەباتی کەس سفر نەکەنەوە بەقسەی سوك و شەرە جنێو، بارەخنەکانیان ساغ بکەنەوە ئینجا بلاوبکەنەوە، ئەگەر بەقسەیان نەکردن سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار بکەن و ژوڕەکانیان پێدابخەن.

دوا ووتەت

– هیوادارم نمونەی ڕاستگۆیی و بلاوکردنەوەی هەواڵی ڕاست و دروست بن و شیاوی ناوە پیرۆزەکەی خۆتان بن بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی ناوی پیرۆزی تێکۆشەرە دێرینەکان.

پێشمەرگایەتی و چیرۆکە بەتامەکانی ئەو بوکەی لەنیوەشەودا گواستراییەوە

سەلاح شێخ لەنگەری



شۆڕش ئەو دانشگا گەورەیە بوو کە پێشمەرگەو خەڵکی فێڕی کاری جوان و بەنرخ ئەکرد بەدەیان و سەدان پێشمەرگە نەخوێندەوار دوای چەند ساڵێك ئەبوون بەکادێری سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی، لەهەموو شەڕێکدا فێڕی چیرۆکێك و جۆرێك لەهونەری شەڕ ئەبون، یادگاری خۆش و ناخۆش و دروست ئەبوو، لەهەموو جەوڵەیەکدا لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر فێڕی ئاداب و ڕەوشتی تری کۆمەڵ ئەبوین و ئاشنای دەیان ووشەو وانەی جوان و قسەی نەستەقی پیاوی خاوەن ئەزمونەکان ئەبوین.

یەکێ لەو چیرۆکانەی هەرگیز لەیادم ناچێت، ئەوەیە کە بۆتان دەگێڕمەوە:–

هاوینی ساڵی 1987 ڕژێمی بەعسی دەستی کرد بە ڕوخاندنی ئەو گوندانەی کە دەسەلاتی هەبوو بەسەریاندا، یەکێ لەوانە گوندی (قۆری چای) نزیك شاری کفری بوو، دوای ڕوخاندنی گوندەکان زۆربەی خەڵکەکەی هاتنە نێوان گوندی (دووراجی و بەلەگەی خواروو) کە لەژێر دەسەلاتی هێزی پێشمەرگە بوون. دەستیان کرد بە دروست کردنی کەلەك و سێبەرو تێیدا نیشتەجێبوون، تەنها بۆ ئەوەی تەسلیمی دوژمن نەبن.

بە ڕاستی ژیانێکی زۆر ناخۆشیان هەبوو، کاتێك چوینە سەردانیان لەگەڵ عادل شوکر کە سەر تیپی 51ی گەرمیان بو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تردا و ئەو شەوە لەگەڵ ئەو خەڵکە خەوتین، خوا لێخۆش بوو مام جوامێر خەڵکی ئەو گوندە بوو، پێش ڕووخاندنی گوندەکەیان بەڵێنی بە کاك عادل دابو کە لەیلای کچی بدات بە هەر پێشمەرگەیەك کە کاك عادل دەست نیشانی بکاو پێ خۆش بێ، لەو جەولەیەدا جەمال حاجی جەبار ناسراو بە ﴿ مارف ﴾ پێشمەرگەی دەستەی کاك عادل بوو، ئەو شەوەی بەهەل زانی و بە کاك عادلی وت: داوای لەپلای بۆ بکات، کاك عادلیش داوای لەیلای کرد، مام جوامێر فەرمووی من بەڵێنم داوەو لاریم نیە، سبەینی گەراینەوە سەردانی گوندی زنانەمان کرد بۆ ڕۆژی دووەم هاتینەوە لای مالەئاوارەکانی گوندی قۆری چای و چوینە مالی مام جوامێر، من و مەردان چاوشین چوین بە دوای مامۆستا مەلا یاسیندا کەخەڵکی گوندی دووراجی بوو، عەسری ئەو ڕۆژە دەست ماچ کراو لەیلا لەمارف مارەکرا، دوای پێڕۆزبایی درێژەمان بە جەولەکەی خۆمان دا. ئەو کات وا باو بوو لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگە هەر کەسێك ژنی بخواستایە هەر پێشمەرگەیەك لەیارمەتیەکەی چەند دینارێکی پێشکەش ئەکرد، مارف زۆر ماندوو بوو تاوەکو دوو هەزار دیناری کۆکردەوە، دوای مانگێك پێیان ڕاگەیاندین مارف ژنەکەی بگوازێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە من و کاك جوامێری ڕابەر سیاسی تیپی (51)ی گەرمیان لەگەڵ کاك بەرزانی براي کاك عەدنانی حەمەی مینا کە عەدەد جیهازی تیپی (53)ی شێروانە بوو، لەگەڵ خێزانەکەی کاك جوامێر و شالاوی کوری ئەو کاتە پێنج شەش سالان بوو لەگەڵ خۆیان هێنابویان، پیکابێکی مۆدیل 1980 مان برد کە پێشتر لەیەکێ لەچالاکیەکان گیرابوو.

بەیانی لەگوندی (تەپەکە ڕووسی) بناری شاخی زەردە کۆبوینەوە و بریار وابو شەوێ لەگوندی قۆری چای بخەوین و سبەینێ بۆ نیوەڕۆ یگەینە تەپەکەڕووی و نانی نیوەڕۆمان بۆ دروست بکەن، بۆ ئەو مەبەستە هاوولاتیەکی گوندی (تەپەکە ڕووسی) گیسکێکی پێشکەش کردبوو، ئێمەش لەگوندەکانی فەقی مستەفاو خان و عەزیز قادر خەڵکمان ڕاسپارد بۆ ئەوەی سبەینێ تەماتەو بامێ و شوتی و کاڵەك و تڕۆزیمان بۆ بکرن و لەگەڵ خۆماندا بیبەینەوە، بۆ عەسرێکی درەنگ گەیشتینە گوندی عەزیز قادر لەوێ گوێ بیستی هەواڵێکی دڵتەزێن بووین، ئەو ڕۆژە کۆپتەرکانی ڕژێم بۆردومانی گوندی دوو ڕاجی و زنانەی کردبوو، حەوت هاوولاتی شەهید کردبوو کە خەریکی دروێنەی دەغڵ و دان بوون، یەکێك لەو هاوولاتیانە کاك فاتیح برای مەلا یاسین بوو. ئێمەش پێمان ناخۆش بوو هەم ئەو کارە خێرە دوابخەین، هەم لەپێش چاوی ئەو گوندانە بووك بگوازینەوە، بۆیە سەعات 10ی شەو بە مالی کاك جوامێرمان ووت ئەگەر یارمەتیمان بدەن ئەم شەوە بە بێدەنگی و بە بێ ئاهەنگ بووکەکە بگوازینەوە ئەوانیش پێیان باش بوو، بۆ کاتژمێر 11 ی شەو بووك ئامادە کراو من و مامۆستا جوامێر و شالاو لەدوای پیکابەکەوە جێگای بوکێمان ڕاخست و کەوتینە ڕێ، کاتژمێر 3 ی شەو گەیشتینە سەر ئاوە سپی نزیك ﴿بۆیسان﴾ بێستانەکانی گوندی فەقێ مستەفا، کەوتینە نێو بێستانەکان ودەستمان کرد بە کاڵەك و شووتی و تڕۆزی دزین، بووکێی هەژاریش بەو شەوە شەرم سەر تاپا بالای داپۆشی بوو، منیش بۆ پێکەنین و گاڵتە ووتم : لەیلا خان تۆش بۆ خۆت شتێك بدزە، سبەینێ ئەبی بە خاوەن ماڵ، ئێمە هیچت نادەینێ، ئەویش لەشەرما بزەیەکی ئەکرد و هەر سەیری دەکردین.

ئەوەندە پەلەمان کردبوو هەندێك لەو شوتیانەی هێنابومان کولەکە بوو، شەوێ پێمان نەزانی بوو، کاتێك لەناو بێستانەکاندا دەرچووین، کاك جوامێر ووتی: من ئەخەوم و، خەوی لێکەوت، پاش ماوەیەك ڕۆشتن، منیش خەوم ئەهات و کاك جوامێرم هەڵسان پێم ووت: هەستە ڕێگەکەمان (وێل) وون کردووە، تومەز کاك بەرزانی شۆفێر ڕێگاکەی ون کردبوو.

کاك جوامێر هەستاو دەستێکی هێنا بەچاویداو ووتی:نا، بابڕوات، ڕێگەمان ون نەکردووە. دیسانەوە خەوتەوە منیش بۆجاری دووەم هەڵم ساندنەوە ئەم جارەبڕوای کرد کە شەوا ڕۆمان کردووەو ڕێگەمان وێڵ کردووە، دوبارە گەراینەوە لای بێستانەکان و چوینە گوندی فەقێمستەفاو ئەو مالانەمان لەخەو هەستان کەرامان سپاردبون شتەکانمان بۆ بکرن.

بۆ سبەینێ لەگەڵ خۆر هەڵاتندا گەیشتینە گوندی تەپەکە ڕووس، ئەو خەڵکە سەرسام بوون کە ئێمە بۆ بەشەو هاتوینەتەوە، ئێمەش بەدرێژایی باسی شەهیدەکانمان بۆیان کرد کە بوون بەهۆی هاتنەوەمان، ئیتر بەپەلەدەست کرا بە گیسك سەربڕین و گۆشت و جگەر سورکردنەوە بۆ ئێمە و بوکێ خان، چونکە ماندوبوین و شەوو ڕۆژێك پشومان نەدابوو، پورە ئایشێ کەدایکی خێزانەکەی کاك عادل بوو، بووبە وەستای چێشت لێنان، هێندە پەلەی کردبوو سەری شۆڕکردبۆوە. سەر ئاگرەکە، لەوکاتەدا بۆیەمەکەی سەری شۆڕبوبۆوەو ئاگڕی تێبەڕبوو، بوو بەقیژە قیژو هاوارو وتیان: پورێ ئایشێ ئاگری تێبەڕبووە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ زیانێکی پێبگەیەنێت یەکسەر کوژانیانەوە.

لەوکاتەدا فەتاح کە مێردمنداڵ ئەبێ، هاتبوو بۆ لای کاك مەردانی برای کە پێشمەرگە بوو لەگوندی (تەپەکە ڕووس) دائەنیشتن، سەتڵێکیان دابو بەدەستییەوە، فەتاحیش بردبووی، لەتەنیشت تەنکییەکەوە دایناببوو و بەلوعەکەی کردبۆوە، بەلوعەکەش هێندە قوری گرتبوو بە 15 دەقیقە سەتڵەکەی پردەکرد، کەسێك پەلای فەتاح دا تێپەڕیبوو وتبووی: فەتاح ئەوە خەریکی چیێ؟ ئەمیش لەوەڵامدا وتبوی پورێ ئایش سوتاوە، ئاو دەبەم و ئەیکوژێنمەوە.

بەو شێوەیە ژنمان بۆ مارف گواستەوە و بووە خاوەنی ماڵ و منداڵ، بەڵام بەداخەوە شەش ساڵ لەمەوبەر کاك مارف بەهۆی نەخۆشی گیانی لەدەستدا، لەیلاخانی هاوسەریشی‌لەگەڵ خێزانە خنجیلانەکەی ئێستا لەشاری کفری ژیان بەسەردەبەن.